# لایەنە سلبیەکانی ڕا پەرین، وەکو میکانیزمێك بۆ گۆرینی دەسەلات
# "خویندنە وە یە کی ڕە خنەیی، بۆ ڕوداوە توندوتیژیەکانی ڕا پەرینی ساڵی ١٩٩١ ی باشوری کوردستان"


م.ی. هەرێم حسن احمد

زانکۆی ڕا پەڕین

فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان

بەشی مێژوو



دەروازە:

ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ بە یە کێك لە روداوە گرنگەکانی باشوری کوردستان دادەنرێت لە سەدەی بیستەم، کە بە جۆرێك کاریگەریە کی بەرچاوی لە دوای خۆی جێهێشت، کە مێژووی کوردی هاوچەرخی جیا کردە وە بۆ مێژووی پێش را پە رین و دوای راپەرین. تا وە کو ئێستاش حوکمرانی کوردی لە با شوری کوردستان بە بەرهە می ئەم را پەرینە دادەنرێت.

دەربارەی مێژووی راپەرین و روداوەکانی زۆر گوترا وەو لە سەری نوسراوە چ بە هە وڵی تا کە کەسی، حیزبە سیاسەکان،یاخود دامودەزگا زانستیەکان، بەڵام ئە وەی جێگەی سەرنج و لە سەر وە ستانە، دوای چارەگە سەدە یەك تیپەربون بە سەر ئە م روداوە مێژووییە، تا وە کو ئێستا لێکۆلینە وە یەکی وەها نە کراوە، کە باس لە هە ڵە و کە موکوریەکانی راپەرینە کە بکات، چ لە لایەن جە ما وەر یان هیزە سیاسیەکانە وە ئەنجامدراون، هەر وەها دەنگێکی کاریگەر نە بووە،شێوازی راپەرین بو گورینی دە سەلات بخاتە ژێر نە شتەری رە خنە وەو،بە و پێ یەی راپەرین هەرچەندە خە بات بو بۆ گۆرینی درندەترین سیستەمی حوکمرانی کە سیستە می بەعس بو، بە ڵام بە دەریش نە بو لە هەڵەی کاریگەر و بەرچاو ، کە لە قورسایی خەباتی رزگاریخوازی کوردی کەمکردە وەو زیانێکی زۆری ماددی و گیانی بە گە لی کورد  لە باشوری کوردستان گەیاند. ئە مە جگە لە وەی بۆ گۆرینی سیستە می حوکمرانی گەلێك ریگەی تر هە بون،کە دە توانرا وە کو جێگرە وە یەك لە جیاتی راپەرین سودیان لێوەرگیرابا ، کە پرۆسەکە بە کە مترین زیانی مادی و گیانی تە واو دە بوو.بۆنمونە رێگاکانی خە باتی مەدەنی(خۆپیشاندانی جە ماوەری – دروستکردنی گروپ و رێکخراو – یاخی بونی مەدەنی– بایکۆتکردن...).


پێشەکی:

لە بەر ئە وەی ئەنجامدانی هەر راپەرینێك ئامانجەکانی بریتین لە بەدەستهێنانی سەقامگیری سیاسی و ئابوری و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەلایەتی[1]، بەلام ئە وەی جێگای تێرامانە ،کە راپەرینی ١٩٩١ چ لە رۆژانی راپەرین و دوای راپەرینە کەش نە یتوانی ئە و ئامانجانە بەدیبیهێنیت. لە لایەکی ترە وە،گۆرینی دە سە ڵات لە رێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربا زی و توندو تیژیە وە ،کە زیانێکی زۆری مادی و گیانی لێدە کە وێتەوە، بەوەی مامەڵە بە گیان و سامان وچارە نوسی نە تە وە یە کە وە بکە یت کە ئە نجامە کە نە زانرا وبێت و روبە روی

[1]کەیوان ئازاد ئە نوەر،شۆرشی گەلان،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی،٢٠١١،ل٩.

درندانەترین رژێمی ره کەزبەرست ببێته وه، که سلّی له هیچ تاوانێك نه دەکرده وه له دژی نه ته وەی کورد، به تا یبەت دوای ئه وەی هێزه سیا سیەکان باش شارەزای سیا سه تی ئه و رژێمه ببون و ئه زمونەکانی (ئەنفال – کیمیاباران – راگواستن – سیا سه ته کانی به عەرەب کردن – به به عسی کردن...) له بەرچاو بون. بۆیه باشتر بو سەرکردایەتی سیاسی کوردو جه ماوەر، بیریان له رێگه یکی تری مه دەنی و شیاوتر بکردبا یەوه. هەرچەنده جێگەی گومان نه بو، ئەگەر هەر رێگایەکی تری سیا سی و مەدەنی تاقیکرابایه وه، بێگومان له لایەن رژێمێکی درندەی وه کو حیزبی به عس قبول نه دەکرا ،به و پیٚ یه ی باوەری به مافەکانی کورد نه بو،به تا یبەت ئه گەر کۆمه لانی خەلك له شێوەی یەکگرتووجه ماوەری داوای ما فەکانیان بکەن. هەروەك( ئەنتۆنی گیدینیز)، له ئەنجامی لێکۆلینه وه له روداوەکانی سالی ١٨٠٠ی ئه وروپا دەگاته ئه و بروا یەی که،هەرچەنده کاری به کۆمەلٚ له بنچینەدا توندو تیزی بەرهەمناهێنیٚ، تا ئه و کاتەی ده سەلاٌت دەستوەرداته نا و کۆبونه وه و جولانه وه مه ده نیەکان ، لەبەر ئه وەی ده سەلات هێزی سەربا زی و چه کی لەبەردەستدایه،بەمجۆره توندوتیزی و ئالۆزی رو دەدات[2].لەگەلٚ ئه وەشدا له کاتی هەرگردبونه وەیەکی جه ماوەری ، ئەگەر به شێوازی مه ده نیش بێت، ئەوا زۆجار هه ندێك روداوی نه خوازراو روده دەن.بۆنمونه (ریچارد دبیرگ) پیٚ ی وایەکه تاکەکان له کاتی کۆوبونه وەی جه ماوەری یان هەرگردبونه وەیەك، ئه وا ده توانن زۆر کاری نه خوازراو ئه نجام بده ن،که به کاری تا که کەسی زۆر زه حمه ته بتوانن بیکەن،بۆنمونه تالانکردنی کۆگایەك، چونکه له کاتی گردبونه وه تا کەکان نا سنامەیان دیار نیه و به ئاسانی ناناسرێنه وه[3]. هەرچەنده خه باتی مه دەنی ئا مانجەکانی سنوورداره و خه ونه کانی که مترە و ته نا نه ت زۆنریش ئه گەری له نا وچونی هه یه. به لاٌم ئه م شێوازه خه باته زیاتر مرۆڤانه تره و ما مه لٌه نا کات به گیانی خه لٌك.

له لایه کی تره وه گه لێك باشتر بوو ئه گەر ئا زادیخوا زان و رۆشنبیرا ن و نوخبەی باشوری کوردستان هه ولّی دانوسانیان دا با یه له گەلٚ ده سەلاٌت و له رێگەی پێشکه شکردنی به رنا مه یەکی چاکسازی بو باشترکردنی ره وشی ژیانی خه لٌك و داننان به ما فه ره واکانی کورد.هەر چه نده زه حمه ت بو قبولّیش بکرێت چ له لایه ن رژێمی درندەی به عس، ته نا نه ت له لایەن هێزه سیاسیه کانی کورد که خۆیان به نوێنەری کورد ده زانی. به لاٌم ته نا نه ت ئه گەر جێبەجێش نەکرابا، ئه وا تا قیکردنه وەی ئه و هه ولاٌنه زیانی گیانی و مادی لێنه ده که وته وه.ئه وەی پیویسته لێره دا ئاماژەی پێبدرێت، دانوسان له گەلٚ حکومەت به مانای ته سلیمبون، یان دروستکردنی حیزبی کارتۆنی نا یەت، که له مه وپێش ئه و هه وله تاقیکرا بۆوه و سه رکەوتنی به ده ست نه هێنا بو. ته نا نه ت جێگری سه رۆك کۆمار( ته ها ساین ره مه زان) به ره گەز کورد بو ، به لام نه یتوانی زەره یەك کاریگەرو سودی هه بیت بو کوردو،ئه مه جگه له بونی ده یان رێکخراوو که سا یه تی و حیزبی کارتۆنی له نا و حیزبی به عس و حکومه تی عیراقدا..

---

[2]ئەنتۆنی گیدینیز،شۆرش و بزوتنه وه کۆمەلایەتیەکان،وەرگێرانی:هیوا حاجی دیلۆیی،چاپخانەی وه زارەتی پەروەردە، هەولێر ،٢٠٠٢، ل٤٥.

[3]هەمان سەرچاوە،ل٦٠.

گرنگی توێژینەوە:

کرنکی ئە م توێژینە وە لە وە دایە، کە چاوێکی بێلایە نانە و دور لە هە ست و سۆز،خوێندنەوەیەکی رەخنەیی ۆ راپەرین دەکات، وە ئە و خە وش و هە ڵانە دەردەخات، کە لە روداوەکانی راپەرین رویاندا وە، بە ڵام توێژە ران لە بەر هۆکاری (سۆزداری – زانستی نە بون یان هۆکارە سیا سیەکان) نە یانتوانیوە بە شێوە یە کی زانستی و بی لایە ن با یە خی ئە وتۆی پێبدەن.

ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی سە رە کی ئە م توێژینە وە، ئە وەیە لە رێگەی نیشاندانی لایە نە سلبیە کانی راپەرین، هە ڵە و کەموکوریە کانی ئە و سە ردە مە نیشان دەدات ،بە مە بە ستی سود وە رگرتن لە هە ڵە کان و دوبا رە نە بونە وەیان لە قۆنا غە کانی تری بزوتنە وەی رزگاریخوازی کورد لە با شوری کوردستا ن و بارچە کانی تر.

میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوە ، چەند میتۆدێکی جیاواز بەکارهاتووە،بە تایبەتی میتۆدی گێرانەوە، بەراوردکاری و بەراوردکردن.

ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوە:

لە کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەکۆمەڵێك گرفت هاتە پێش، لە وانە نە بونی بەڵگەنامەی پێویست،کە زۆربەیان لە لایەن ئەرشیفی حیزبەکان وکەساسیەتیەکان پارێزراون، وە لە ئێستادا ئەرشیفخانەیەکی نیشتمانی نیە،کە توێژەرەکان وە کو یەك دەستیان پێی بگا. لە لایەکی ترەوە، نە بونی سەرچاوەی پێویست، کە بە شێوەیەکی رەخنەیی باسیان لە روداوەکانی راپەرین کردبێت.

شیکردنەوەی سەرچاوەکان:

لە م توێژینەوەدا،پشت بە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر بەستراوە،کە هەندێکیان،بە سەرچاوەی سەرەکی دادەنرێن،لە بەر ئە وەی،نوسەرانیان بەشداربوی راپەرین بون.وەکو کتێبەکەی رێباز:نرکەی راپەرین،هەروەها کتێبی راپەرین بەهاری ئازادی لە نوسینی عەبدولرەزاق مەرزنگ.لە لایەکی ترەوە،پشت بە و کتێب و توێژینەوانە بە ستراوە.کە لە لایەن توێژەرانەوە ماوەیەکی زۆر دوای راپەرین نوسراون،گرنگترینیان راپەرینی ئاداری ١٩٩١ی باشوری کوردستان لە نوسنی،ئاراس عەبدولرەحمان.لە کۆتایدا،چەندین سەرچاوەی تر سودی لێوەرگیراوە،کە بە شێوە یەکی گشتی باسی شۆرش و راپەرینەکانی جیهان دەکەن بە شێوە یەکی گشتی.بە تایبەتی ئەنتۆنی گیدینز،شۆرش و بزوتنە وە کۆمەلایەتیەکان،.هەروەها،پیتەر کالوەرت،شۆرش ودژە شۆرش.

پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم تویزینە وەیە ،لە پیشەکی و دووبەش و دەرئەنجام ولیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە:

بەشی یەکەم:لە دوو باس پیکهاتووە،لەباسی یەکەمدا،باس لە شێوازی راپەرین کراوە بۆگۆرینی دە سەڵات ولایەنە سلبیاکانی ئەم شێوازە ،لە گەڵ لێکەوتە توندوتیژیەکان کە راپەرین دەیهێنێتە ئاراوە.ئەوەی تایبەتە بە باسی دووەم،شێوازو جۆرەکانی ئەو توندوتیژیانە ئمازەی پێکراوە، کە راپەرینی ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستان هیناویەتە ئاراوە.

بەشی دووەم: ئەم بەشەش لە دووباش پیکهاتووە: باسی یەکەم–باس لـە وباسـەدا،ئەنجامە نێگەتیڤەکانی ڕاپـەڕینی سـالی ١٩٩١،شـرۆڤەکراوە،کە لـەدوای شکسـتهێنانی ڕاپـەڕین ودژە هێرشـی ڕژێـمی بـەعس وگرتنـەوەی شـارەکانی کوردستان. هەرچی باسی دووەمە،تایەتکراوە باسکردنی ڕێگـا جۆراوجۆرەکـانی تـری نـارەزایی،بۆگۆڕینی دەسـەڵاتی ستەمکاری بەعس،لە بری ئەنجامدانی ڕاپەڕین، وە سودو خالە پۆزەتیفەکانی ئەم ریگایەنە شیکراونەتەوە.

بەشی یەکەم:کەموکوریەکانی گۆڕینی دەسەڵا ت، بە شێوەی ڕاپەڕین وتوندوتیژیەکانی ڕاپەڕینی سالی ١٩٩١:

باسی یەکەم– کەموکوریەکانی گۆڕینی دەسەڵا ت، بە شێوەی ڕاپەڕین

لێرە دا جێگەی خۆیە تـی دوای چـارەگە سـەدە یـەك لـە بـەرپابونی ڕاپـەڕین و ئـە و پرسـیارە بکـە یـن، ئایـا ڕاپەڕینی سالی ١٩٩١ی باشوری کوردستان سەرکە وتنی بە دەستهێنا؟ ئایا توانی ئە و خـە ون و ئـا مانجانـەی گـەلی کورد پێش ڕاپەڕین هە بون چ لە کاتی ڕۆژانی ڕاپەڕین یان دواتر بـەدیهاتن؟ یـاخود ڕاپـەڕین تـە نهـا جەنـد ڕوداوێکـی توندو تیژی بو لە گۆڕینی توندو تیزی ڕژێمی بەعس بۆ توندو تیژی لە لایەن هێـزە سیاسـیەکانی کوردسـتان؟.ئەوەی جێگـەی تێرامانـە، زۆرێـك لـە تاکەکانیـنـە تـەوەی کورد،تـە نانـەت بەشـێك لەوکەسـانەش خۆیـان بـە ڕۆشـنبیری و ئەکادیمیسـت دەناسـێنن،کاتێك بـاس لـە شـکت و سـەرنەکەوتنی کـورد دە کـەن لـە ڕوداوە مێژوویەکانـدا، لـەجیاتی پرسیارکردنی لۆژیکی و سەیرکردی ڕوداوە مێژوویەکان بە چـاوێکی ڕەخنەگرانـە و زانسـتیانە و بـێ لایەنانـە،بیانو وە ڵامی ئامادەیان پیێ یە بۆڕودانی شکستەکان. جارێك تـاوان خسـتنە ئەسـتۆی جوگرافیاو،جارێکیترهۆکـاری بـارودۆخی سیاسی جیهان و یان درندەیی دوژمنانی کوردو،بونی بەرژەوەندی زلهێزەکان دەخـە نـەرو. ئـەم تێروانینـە کلاسـیکیە بۆخوێندنە وەی ڕوداوەکانی مێژوو جۆرێك لە پیرۆزکردنی مێژووە،کە ئەمەش وادەکـات تـە نانـەت شکسـتەکانیش بـە سەرکەوتن لای خەڵك وێنابکرێت و سود لـە هەڵـە مێژوویـەکان وەرنـەگیرێت وبـەردەوام ئەگـەری دوبـارە بونـە وەیـان هەبێت.

(لیۆن ترۆتسکی)، پیێی وا یە مەرجی سەرکە وتنی هەر شۆڕشیك یـان ڕاپـەڕینێك، بەسـترا وە تـە وە بـە وەی، کـە تـا چەند ئە و ئامانجانەی ڕاپەڕینـە کـەی لەسـەرکرا وە دابینکـرا وە یـان سـەلمیێراوە[٤].ئەگـەر بـە و تیـۆرەی ترۆتسـکی سەیری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستان بکەین و ڕاپەڕینـە کـە نـە ك ئـە ڕاپەڕینـە، توانیویـەتی خـە ون و ئامانجەکانی خە لکی کوردستان بەر لە ڕاپەڕین بەدیبهینێت، بەڵکو ئەنجامدای ڕاپەڕین زیانێکی زۆری ماددی و گیانی لـە کوردسـتان لێکـە وتـە وە،هـەر لـە کوژرانی هـە زاران کـە س و ئـا وارەیـی و برسیـە تـی و... . زیـارتر لـە وەش، دروستبونی دسەلاتێکی نا مەدەنی لێکەوتەوە. هەروەك ترۆتسکی بروای وا یە، ئەنجامدە رانی ڕاپەڕین ئەگەر پاش ڕا پەرین یان شۆڕشەکە نە توانن دە سە ڵاتی سیاسی بگرنە دە ست،ئە وا ڕاپەڕین شکسـت دە هێنیـچت و لـە ئامـانجی خۆی لا دە دات،بە وپێیەی دە سەلأت دە کە وێتە دە سـت کـە سـانی نـا شایسـتە.ئەگـەر بـە شـێوەیەکی دور لـە دە مارگیری و بێلایانە نە، سـەیری وەرگرتنـی دە سـەڵات بکـەین ج لـە ڕۆژانـی ڕاپـەڕین یـان دوای ڕاپـەڕین، دە بیـنین ، کومەلێك هێز دە سەلاتیان قۆرخکردو لایە نە کانی تریان بێبەشکرد، لە دە سکە وتە سیاسی و مادیەکان. هەرچـەندە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە بە و پێیەی ڕاپەڕین ڕوداویکی هیندە کۆن نیە خەلك بیری نە یەت، یان کتیپ وسەرچا وە و وێنە و ئەرشیفەکان ئە وە دە سەلمێنن کە زۆربەی هێزو لایەنەکان بە پێ ی قە بارەو توانای خۆیان بەشـداریان لـە

[٤]لیۆن ترۆتسکی،تاریخ الپورە الروسیە،ترجمە: اکرم دیری و هیپم الایوبی،ج١،الموسسە العربیە للدراسات والنشر،بیروت،١٩٧٨،ص٨٩.

راپەرین کردووەو پێوە ماندو بون، بەڵام زۆر بە کە مـی ڕێگـەیان پێدرا وە بەشـداری سیاسـیان هـەبێت. تـە نـا نـەت زۆرجار بەربرسانی گەورەی باشوری کوردسـتان نکوڵی لـە وە ناکـەن کـە راپـەرین هـە مـوو لایەنـە سیاسـیەکان و هاولاتیان بە هە موو چین و توێژەکان تیایدا بەشداربون.

باسی دووەم–گرنگترین روداوە توندوتیزیەکانی راپەرینی ساڵی ١٩٩١:

یەکەم: کوشتنی دیلەکان:

یەکێك لە هەرە ترسناکترین روداوە توندو تیژیەکانی راپەرینی ساڵی ١٩٩١،کوشتنی دیلەکانی بـەعس بوبەبەرچـاوی خەلچـك، کاتێـك لـە رۆژانـی راپـەرین گیرابـون لـە لایـەن خـەڵك وهێـزە سیاسـیەکان. ئـەم کـارە بـە تـاوانی جـەنگ هەژماردەکرێت و پێجەوانەی مافەکانی مرۆڤە،ئە مە جگە لە وەی ناوی نەتەوەی کوردی لە ناوخۆی عێراق ودە رە وە ناشیرین کرد.بە وەی گـەلی کـوردی لـە سـتەملێکرا وەوە بـە سـتەمکار نیشاندا.هەرچـەندە ژمـارەی ئـە ودیلانـەی بـە دەستی خەڵك وهێزە کوردیەکان لە راپەرینی سالی ١٩٩١ وەکو دلۆپێکە لە دەریایەك بە بەراورد لە گـەڵ تـا وانـەکانی حیزبی بـەعس، کـە بەرامبـەر گـەلی کـورد ئەنجامیـدابو، بـەڵام هـیچ کاتێـك ئەنجامـدانی تـاوان وکوشـتارو توندوتیـژی پەیوەندی بە کە م وزۆریە وە نیە. ئەوەی جێگەی سەرنج وتێرامانە، زۆر لە ونوسینانەی دەربارەی راپەرین نوسـراون زۆر بە کەمی باسیان لە پرۆسەی کوشتنی دیلەکان بە دەستی پێشمەرگە یان خـە ڵك کردووە،یـان تـەنها لـە پـەراوێز ئاماژەیان پێداوە. لە وانەیە،لەبەرئە وەبوبێت ،کە بروایان وابوبێت، ئەگەر ئەو مێژووە توندوتیزیـە بنوسـنەوە ئـەوە، مێژووی کوردو راپەرین ناشیرین دە بێت و ناوی گەلی کوردوبەشدابوانی راپەرین دەزرێت، بەلام خۆلادان وباسنەکردنی هەڵـەکان، راسـتگۆیی نوسـەرەکان دەخاتـە ژێرپرسـیارە وە، جونکـە راسـتگۆیی یەکێکـە لـە بنجینـە سـەرەکیەکانی مێژوونوس و توێژەر.

یەکێك لە ونمونانە لە دەستپێکی راپەرین بو، هەروەکو(نیعمەتوڵلا عبدالفتاح)،کە بەشداربویەکی راپەرینە، ئاماژە بەوەدەکات،کە لە(مزگەوتی ناجیەخان)لە رانیە،(٦کەس) لە بەرپرسە گەورەکانی حیزبی بەعس لە لەیەن کەسـانی نـا بەرپرسە وە بە ئامادەبونی خەڵکیکی زۆر، لەسەربانی مزگەوتەوە بە چەقۆکوژران وفرێدرانـە خـوارە وە[٥]، هەرچـەندە ئـەو ئامـازە بـە وەدەکات،کاتێـك چـۆتە شـوینی روداوەکە،خـەڵکانی نـا بـەرپرس ئـە وکارەیـانکردووە وە حیزبـەکان راسـتەوخۆ لـە وکـارە بەشـدار نـە بون،بـەلام ئەگـەرێکی زۆرە ئەگـەر کـە سـانی بەرپرسـی جیزبـەکانیش راسـتەوخۆ بەشدارنەبوبن لە وکارە، ئەوا لایەنگرانیان ئەو کارەیان کردبێت ،یان لانیکەم حیزبەکان لەك کەیسە کەمتەرخەم بوبن. بە تایبـەت لـە دەستگەیشـتنی ئـەو خەڵکانـە بـە دیلـەکان. یـەکێکیتر لـە روداوە توندوتیزیـەکان کوشـتنی سـەربازان وبەرپرسانی بەعس بو لە کاتی تەسلیم بونیان. هەروەك(سلێمان مینە) وە کوبەشداربویەکی راپەرین ئامازەی پێداوە، کاتێك ئاراسـتەی راپـەرین بـەرەو فیرقـەی چـوارقورنە دەچـێت، چـەند ئەفسـەرێك جەکـەکانیان فریـداوەو دەسـتیان بەرزکردۆتەوەو تەسلیمبونی خۆیان راگەیاندووە، بەلام لە هیزە جوکدارەکانەوە تەقەیان لیکراوە، دواتر بـە برینـداری بردویانن بۆ نە خۆشخانەی رانیە و لەوی گیانیان لە دەسـتداوە[٦].هـەروەها جگـە لـە سەرچـاوە عەرەبیـەکا نوهەنـدیك

[٥] شەریف وەرزێر،راپەرین وسەروەری،چاپخانەی شڤان،سلێمانی،٢٠١٠.ل٤٣.

[٦] هەمان سەرجاوە،ل٦٩–٧٠.

سەرچاوەی بیانیش باسیان لە تاوانەکانی هێزی پێشمەرگە کردووە ،لە کاتی روداوەکانی سالی ١٩٩١[٧]،هەرچەندە لە وانەیە هەندێکیان بە شێوازی رق و بێویژدان نوسرابن ،بە لام دەکرێت هەندێك لایەنی راستیان تێدا هە بیچت، بە تایبەت کە ئامازەیان بەشوێنی روداوەکان وژمارەی قوربانیان کردووە،هەروەها هەندێك لەو نوسەرانە خەلکی عیراقیش نین[٨].

دووەم–دیاردەی تاڵانکاری:

پەلاماردانی دامو دەزگاکان و تاڵانکاری وفەرهود لە روداوەکانی راپەرینی سالی ١٩٩١،بەشیوە یەکی بەرچاو بونی هەبو.بەجۆریك زۆربەی سەرچاوە مێژوویەکان ئاژەیان بەو پرۆسەیە، وەکو کارێکی نەخوازراو کردووە،هەروەها چەندین وێنە وڤیدیۆی ئەرشیفی ماوە، کە نیشانی دەدات، چۆن خەڵکانی نا بەرپرس سودیان لە ناجێگیری باۆدوخی ئە وکاتە وەرگرتووەو هێرش دە کەنەسەر دامو دەزگا حکومیەکان و مولکی خەلك .بۆ ئەم مەبەستە چەندین نمونە هەیە،بە ڵام دیارترینیان،تالأنیەکانی شاری کەرکوکە.

یەکێك لە وسەرکردە مەیدانیانەی کەروداوەکانی ئەوکاتەی بەشێوەیەکی زۆر راشکاوانە تۆمارکردووە وخۆشی بەشداربوی راپەرین وسەرکردەی مەیدانی رزگارکردنی شارەکان بووە (رێبازا)بووە ئە و لە کتیبەکەی (نرکەی کوردستان: بەر لە راپەرین، لە گەل راپەرین، دوای راپەرین)، باس لە وە دەکات،کە چۆن لە ٢٠-٣-١٩٩١ بینویەتی ،کاتێك کە کەرکوك رزگارکراوە،چەندان ئۆتۆمبیل کەلوپەلی تالانیان هەڵگرتبو بەرە و هەولێر دەچون[٩].لە لایەکی ترە وە،لە هەموو ئە وئەوکەسانەی کە روداوەکانی راپەرینیان گێراوەتە وە یان توێژینە وەیان لە وبارە وە کردووە،تاکە کەسە کە رەخنە لە بەشداربونی هێزەکانی پیشمەرکە بگرێت لە کاری تالانکاری لە شاری کەرکوك[١٠].ئەوەی لێرەدا گرنگە ئامازەی پێبدرێت ئە وەیە،کە دەگونجێت بۆیە،شایەتحالانی راپەرین، یان نوسەرانی مێژووی راپەرین، کەوتونەتە ژێرکاریگەری هەستی سۆزدارانە بەرامبەر پێشمەرگە،بەوەی هەمیشە پێشمەرگەیان وەکوناویکی ئەفسانەیی وێنا کردووەو چاویان لە هەڵە وکەموکوریەکانیان پۆشیوە،بەوپێ یەی،لە مێژووی رزگاریخوازی کورددا،بەردەوام پێشمەرگە وەکو ناویکی پیرۆز لە هزری خەڵکدا بونی هەبووە. بۆیە ئەوانیش بەهیچ جۆرێك باسیان لە هەڵەکانی پێشمەرگە نەکردووە.دەکرێت بۆخەڵکانی ئاسایی تا رادەیەك ئە وجۆرە بیرکردنە وەسادەیە دروست دروستبێت ،بەڵام بۆخەلکانی ئەکادیمی و ئەوانەی بیانەوێت مێژوو بەشێوەیەکی راست ودروست بنوسنەوە،ئەوا چاوچۆشین لەو هەلأنە،جێگەی داخە، چونکە بێلایەنی وزانستی بونی نوسینەکانیان،دەخاتە ژێر پرسیارە وە.

سێ یەم– دروستکردنی کەشێکی چەکدارانە لە شارەکان:

یەکێکیتر لە و دیاردە نە خوازراوانەی کەهاندەرێکی سەرەکی بو بۆ توندوتیژی، دروستکردنی کەشێکی چەکدارانە بو لە ناوشارەکاندا. بۆنمونە هیزە سیاسیەکان، کاتێك هەر شارێکیان رزگاردەکرد، دەستەجێ بارەگایەکیان لێدەکردە وە و هێزی چەکداریان تێدا جێگیر دەکرد، هەروەها لە وشوێنانە خەڵکیان ناونوس دەکردو چەکیان بە لایەنگرانیان

[٧] سهام میران،الكتاب الكردى الاسود،مركز دراسات الامه العراقيه - ميزوبوتاميا / جنيف - بغداد،٢٠٠٨،ص٦٧.

[٨] بۆزانیاری زیاتر دەربارەی هەلەی هیزە کوردیەکان وتوندوتیزی پیشمەرگە بەرامبەر سوپای عیراق بروانە: Orentlicher, Diane,Kurt Schork, Warcrimes,éditions,Autrement,Torino,١٩٩٥,pp٢٢٧-٢٢٨.

[٩] رێباز،نرکەی کوردستان:بەر لەراپەرین،لەگەڵ راپەرین،دوای راپەرین،بێ شوینی چاپ،١٩٩١،ل٧٠.

[١٠] هەمان سەرچاوە،ل٥٠.

دەدا و پسولەی چەك دابەشكردنیان دەدا بە خەڵك[11] ئەم دیاردەیە هەمیشە ببوە جیجگەی مەترسی بۆرودانی دیاردەی نەخوازراو رودانی شەری ناوخۆ لە نێوان هێزە سیاسیەكان.ئەمە جگە لە وەی ئەگەری زیندوبونە وەی شەری هۆزایەتی، بەو پێ یەی تازە راپەرین كراوەو دامو دەزگا یاساییەكان بونیان نەما وە. كاتێك هاولاتیەك چەكی بە دەستەوهیچ ترسێكی لە وە نیە دادگا سزای بدات، ئەوا بە ئاسانی دەتوانێت هەركاریكی نەخوازراو هە یە ئەنجامی بدات.

چوارەم-بەكارهێنانی دروشمی توندرەوانەو هاندانی خەڵك بۆئەنجامدانی توندوتیزی:

زۆرێك لە دروشم وبانگەشەكانی راپەرینی سالی ۱۹۹۱، بونە هۆكارێكی سەرەكی بۆجولاندان وهاندانی خەڵك،بۆئەنجامدانی توندوتیژی.یەكێك لەونمونانە،لەرۆزی ٦-٣-١٩٩١، لەمزگەوتی گەورەی چوارقورنە بەمجۆە بانگەوازكراوە بۆبەشداریكردنی خەڵك لە راپەرین"ئەمرۆ رۆژی بەعس قرانە، لێایندەن بەبەرد،بەدار یان بەهەرەشتێك كە پێتان دەكرێت"[12].زیاتر لە وەش،(رەمزی محمد ئەمین)كە بەشداربویەكی راپەرینی ساڵی ۱۹۹۱ بووە لە چەمجەمال، بەمجۆرە باسی سەرهەڵدانی راپەرین دەكات"بەدروشمی اللە اكبر،هانی خەڵكمان دەدا، دەمانگوت بروخێت بەعسی كافر،وەرنە دە رە وە چەكەكانتان دەربێنن و تۆڵەی ئەنفال بكە نە وە"[13].

لە لایەكی ترە وە،لە بیری( لینین) دا،لایەنێكی تر هەیە لە كارەكتەری شۆرشگێر كە شایەنی رەخنەلێگرتنە،كە لینین، بە (رستەی شۆرشگێرانە) ناوی دەبات، ئە وەش كاتێك رو دە دات،كە ئاراستەی روداوەكان بە لای سەركەوتنی شۆرشگێرانە،لە وكاتەداوشۆرشگێران كۆمەلێك دروشم بەرزدە كە نە وە یان كاری لەسەردەكەن بیی هیچ گویدانی بارودۆخ و واقیعیەتی روداوەكان[14].

هەروەها یەكێكی تر لە دیاردە توندوتیزیەكانی راپەرین،بریتی بو لە بەكارهێنانی چەك بو تولە سەندنە وەی عەشایەری[15]،ئەمەش كاتێك بو، هۆزەكان ناكۆكی عەشاییەری ودوزمنایەتی كۆنیان زیندوكردە وە لەئەنجامی هەبونی بۆشایی یاسایی ونە بونی دامودەزگا ئەمنیەكان لەشارەكانداوچەندین روداوو دیاردەی نەخوازراو رویاندا،كە ترسێكی زۆری خستەناو جەماوەر.لە لایەكی ترە وە،بلاوبونەوەی چەكیكی زۆری بی مۆلەت وایكرد،دیاردەی چەكداری وجەكی بیمۆلەت بەشیوەیەكی بەرجاوبەناوخەلكدا بلاوببووە،كە رودانی كارەسات وتوندوتیزی لە هەموساتیكدا ئەگەری هەبو[16].

پێنجەم- ئەنجامدانی تە قەی خۆشی

یەكێكی تر لە رودواوە نە خوازراوەكانی راپەرینی سالی ۱۹۹۱،ئەنجامدانی تەقەی خۆشی یان سەركەوتن بو.ئەمەش كاتێك رویدەدا،كە هێزە سیاسیەكان یان خەلچك شوێنیكیان رزگار دەكرد،بۆ گوزارشتكردن لە

[11] ،هەمان سەرچاوە،ل٧٨-٧٩.

[12] عبدالرەزاق مەرزنگ،راپەرین بەهاری ئازادی،چاپخانەی رەنج،سلێمانی،٢٠٠٤،ل٩٥.

[13] شەریف وەرزێر، سەرچاوەی پێشو،ل١٣٣.

[14] هەردی حە مە سەعید،شۆرش و وەچەرخان لە نێوان ئازادی ودیكاتۆریدا،گۆڤاری كلتور،ژمارە ١٢،ل٤٦.

[15] عبدالرەزاق مەرزنگ،سەرچاوەی پێشو،ل٢٠٣.

[16] ،هەمان سەرجاوە،ل٢٠٤.

خۆشیەکانیان،دەستیان دەکرد بە تە قەکردنیکی زۆر.ئەم دیاردەیە جگە لە وەی نا شارستانی بو،ببوە هۆی بلاوبونەوەی ترس لە ناو خەلك وجەندین هاولاتی بەهۆی ئەم روداوانە وە گیانیان لە دەستدا[17].

شەشەم–لێخۆشبون لە تاوانباران ودەستپێکردنەوەی تاوانەکانیان لە دوای شکستی راپەرین

هەرجەندە لیخۆشبون لە جا ش و مشتەشارو بەعسیە کوردەکان، بەلای زۆرێك خەلك،خالیکی پۆزەتیف بو لە لێبوردەیی هیزە سیاسیەکان وبەرەی کوردستانی، بەلام هەلەی سەرەکی لە وبریارە لە وەدابو،کە چەندین تاوانباری گەورە کە بەشداربون لە تا وانەکانی بەعس،بە بێ هیچ دادگایی کردنیك ئازادکران.وە پەنادانی ئە و تا وانبارانە و بونیان لە شانۆی سیاسی بەردەوام ئەگەری سەرهەڵدانەوی توندوتیژی ژاوەروانکراوبو.بە تایبەتی ئەنجامدانی توندوتیژی و تۆلەکردنەوە لەو تاوانبارانە، لە لایەن قوربانیانی دەستی ئەو تا وانبارانە و رژیمی بەعس.ئەمە جگە لە وەی،بەشێك لە تاوانبارەکان،کە لە لایەن بەرەی کوردستانیە وە، بریاری لیخۆشبونیان بۆدەرکرابو،لە کاتی دژە هێرشی رژێمی بەعس جاریکیتر پەلاماری خەڵك وهێزی پیشمەرگەیان دا یە وەو زیانی مالی وگیانیان بە هاولاتیانی کوردستان گەیاند[18].

حەوتەم –ئەنجامدانی قۆرخکاری لە لایەن جیزبەگەورەکان ودورخستنەوەی رۆلی جەماورەحیزبەکانی تر:

لە شۆرش و راپەرینەکاندا بیری تاکرە وی قۆرخکاری ولۆژیکی دورخستنە وەی لایەنەکا ن و رەفتاری توندیژی وتۆقاندن بە ئاسانی هە ستی پێدەکریت[19].ئەمە سەرەرای ئە وەش،کێشەی سەرەکی شۆرش و راپەرینەکان لە وادایە،کە راپەرین و شۆرشەکان بونەتە گۆرەپانیك یان کارگەیك بۆدروستکردنی کارەکتەری شۆرشگێر،کە لە کاتی ئەنجامدانی شۆرش و راپەرینەکان ودواتریش، کارەکەتری شۆرشگیر توندوتیزی وتوندرەوی بەرهەم دەهێنێت وشۆرش و راپەرین بە ئاقارێکی ترسناکدا دە بات ،چونکە کەسی شۆرشگیر بروای بە بەهای ئازادی وئازایەتی و نەبەردی هەیە، بەڵام ئازادی بۆ ئەوانەیترو نەرمی ورازیبون رەت دەکاتەوە[20].قۆرخکاری وخۆ بەخاوەنزانینی راپەرین یەکیك بو لە سیماکانی راپەرین بە تایبەتی لە لایەن هەردو هیزی سەرەکی(یەکیتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان).ئەم قۆرخکاریە،بریتیی بو لە(دەستپیکردنی پرۆسەی راپەرین لە شارەکاندا–دەستبەسراگرتنی فەرمانگە و دامەزراوەکان و جوك وتە قەمەنیەکان،لەگەل سەرکردایەتیکردنی خۆپیشاندانو نا رەزایتیەکان.بۆیە هەرکاتیك لایەنێکی بەدەرلە خۆیان یان دە رەوەی بەرەی کوردستانی ویستبێتی لە دە رەوەی دە سەڵات یان بێپرسی ئەوان هەرچالاکیەك بکات ،ئەوا بە هەرجۆرێك بوبێت پێی دلگران بون یان رێگریان لیکردووە. کە زۆرجار ئەگەری روداني توندوتیزی بەریەککەوتن ئەگەرێکی چاوەروانکراو بووە.یەکێك لە ونمونانە،رۆژی( ٦–٣)١٩٩١، واتە ٥ رۆژ پێش ئازادکردنی شاری هەولێر، کاتێك رێکخستەنەکانی حیزبی شیوعی عێراق ویستیان،لە ناوشاری هەولێر،گردبونە وەیەکی نارەزایی وخۆپیشاندانێکی جەماوەری ئەنجامبدەن ،شانە چەکدارەکانی بروسك ئاگاداریان کردنە وە کە نا بێت ئە وکارە بکەن، گوایە جارێك رزگارکردنی هەولێر کاتی نەهاتووە[21]. بەڵام پێدەچیت ئە وشانە

[17] هاوریٚ قادر رەسول،لێکۆلینەوەیەك دەربارەی راپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١،بنکەی کوردۆلۆژی،هۆڵەندە،١٩٩٤،ل٤٨.

[18] هەمان سەرچاوە،ل٥٢–٥٣.

[19] پیتەر کالوەرت شۆرش ودژە شۆرش،وەرگێرانی،رەحمان ئەمیری،چاپخانەی خانی،دهۆك،٢٠١١،ل٦٧.

[20] عومەر سەرگەتی،ئەریك فرۆم وکارەکتەری شۆرشگێر،گۆڤاری مەدەنیەت،ژمارە٢٩،سلێمانی،ل٤٧.

[21] هۆشمەند عەلی مەحمود،راپەرینی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩١،چاپەمەنی شەهاب،هەولێر،٢٠٠٩،ل٧٥.

چەکدارانە خۆیان بەرنامەی راپەرینیان هە بوبێت لە رۆژیکی ترو حەزیان نەکردبێت،لایەنێکی دە رەوەی خۆیان ئەم کارە بکات،تا وەکوئەو سەروەریە بە ناوی خۆیانە وە تۆماربکرێت. نمونەیەکی تر لە قۆرخکاری حیزبە گەورەکان کە توندوتیزی لێکەوتە وە لە رۆزانی راپەرین ،هەڵویستی توندی بەرەی کوردستانی بو، بەرامبەرشوراکان(کۆمۆنیستەکان)،چ بە راگەیاندن یان هێرشکردنە سەرکۆبونەوەکانیان لە بازیان و ئۆردوگای نەصر،کە زیاتر هۆکارەکەی ئە وەبو،کۆمۆنیستەکان خۆیان بە هێزیکی کاریگەروجیاواز لە بەرەی کوردستانی دەزانی[22].ئەمەش بەهیچ جۆریك لە لایەن هێزە کاریگەرەکانی بەرەی کوردستانی قبولّ نەدەکرا .هێزیك هە بێت لە دەرەوەی خۆیان خەڵك لە دەوری کۆبێتەوە.

هەروەها بۆ ئەو قسانە،لە دوای راپەرینە وە زۆرینەی حیزبەکان،لە کتێب و رۆژنامە و گۆڤارەکانیان،روداوەکانی راپەرینیان بەجۆرێك نوسیوە تە وە،کە خۆیان پاڵە وانی راپەرین بون و رۆلی لایەنەکانی تریان بە نادیدە گرتووە،یان بە شێوەی پەراوێز باسی ئەوانیان کردووە. ئەوی شایەنی باسە لەبەر ئەوەی زۆرجار مێژوو لە لایەن دە سەڵاتەوە دەنوسرێتەوە،بەوپێیەی (ی ن ك) و(پ دك)،لە دوای راپەرینە وە تا وەکو ئیستا حوکمی کوردستان دەکەن. بۆیە زۆرترین و نوسراوەکان باسی رۆلی ئەوان کراوە .هەرچەندە لایەنەکانی تری بەشداری راپەرین بە پێی دە سەڵات و توانای خۆیان باسی رۆلی خۆیانکردووە بە تایبەتی بزوتنە وەی ئیسلامی کوردستانی ئەوکات،لەگەل حیزبی شیوعی کوردستان[23].

هۆکاری سەرەکی قۆرخکاری ئە وەبووکاتێك هێزە سیاسیەکان لە شاخە وە گەرانەوە شارو دە سەلاتیان کە وتەدەست،زۆر تینوی وەرگرتنی دە سەڵات بون، بۆیە رێگەیان نەدەدا لایەنێکی تر،یان خەڵکانی تەکنۆکرا ت وێی لایەن بگەنە جومگە سەرەکیەکانی حوکمرانی. لە وانەیە وا بیریان کردبێتە وە ،کەئە وان لە شاخ ماندو بون وقوربانیان داوە.بۆیە هە میشە شەرعیەتی شۆرشگێری بە بەردەوامی هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆمۆنۆپۆلکردنی دە سەڵات و دەرفەت نەدان بە لایەنەکانی تر. ئەم بیرکردنە وە هە لە یە دوای ۲۵ سال و تا وەکو ئیستاش بونی هەیە.

بەشی دووەم:ئەنجامەتوندوتیژیەکانی راپەرینی سالی ۱۹۹۱وبەکارهێنانی رێگا جیاوازەکانی تری خەبات لە بری راپەرین

باسی یەکەم–ئەنجامە توندوتیژیەکانی راپەرینی ساڵی ۱۹۹۱

لە رودا وە مێژوویەکاندا ،ئەنجامەکان لە ژێر کاریگەری روداوەکاندا چەکەرە دە کەن. چونکە راپەرین بە رێچکە یەکی دروست و سەلامەتدا گوزەری نەکرد،کە واتە بە لارێداچونی راپەرین و دروستبونی ئەنجامی نە خوازراوو توندو تیژی و روداوی نەخوازراو شتێکی پێشبینی کراوبو.ئەمە سەرە رای ئە وەی( گۆستاف لۆبون) لەکتێبە کەی بە ناوی( ئاپۆرە) لە سالی ۱۸۹۵،لە ئەنجامی توێژینە وە ،دەربارەی ئاژاوەکانی دوای شۆرشی فە رونسا گەیشتە ئەوئەنجامەی کە خە ڵك لە کاتی هەڵچون بە شیوەی گروپ،دەتوانن، دەتوانن چەندان کاری توندو تیژی و درندانە ئەنجام بدەن،کە

[22] ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا،راپەرینی ئاداری سالی ۱۹۹۱ لە باشوری کوردستان،دەزگاوچاپی پەخشی حەمدی،۲۰۰۹،ل۳۹٦.

[23] بۆزانیاری زیاتردەربارەی رۆڵی حیزبی شیوعی لە راپەرینی ساڵی ۱۹۹۱،بروانە:سەلام حەوێز ئیسماعیل،کوردستان لە شۆرشی چەکداریە وە بۆ راپەرینی سالی ۱۹۹۱،چاپخانە ئازادی،هەولێر،۲۰۰۱:هەروەها بۆ زانیاری دەربارەی رۆڵی هیزە ئیسلامیەکان وبەشداریکردنیان لە راپەرینی سالی ۱۹۹۱،بروانە:شەریف وەرزێر،راپەرین وسەروەری،چاپخانەی شڤان،سلێمانی،۲۰۱۰.

لە كاتی تەنیایی ناتوانن ئەنجامی بدەن. بۆیە لە وكاتەدا،تاكەكان درندا یەتی خۆیان جێبەجێ دەكەن ودەكەونە ژێر كاریگەری ئە و هەلچونەی، كە كۆمەڵ دروستی دەكات،ئەمەش وادەكا كردەی نا عەقڵانی ئەنجام بدەن[24].

دە توانین ئە وە پشتراست بكە ینە وە ئە نجامدا نی را پەرینی سالی ۱۹۹۱ بە و شێوا زە و هەولڎانی گۆرینی دە سە لات بە شێوەی چە كداری بە شێوە یە كی كشتی چە ندین ئە نجامی نە خوازراوی لێكە وتە وە، كە لێكە وتە كانی تا وە كو ئێستاش كاریگەریان بەسەر دۆخی سیاسی كوردستانی باشورە وە ما وە:

یە كەم: لە روی سە ربا زیە وە: را ستیە كی حا شا هە لنەگرە شەركردن لە گەڵ رژێمێكی درندەی وە كو بـەعس كـە سوپاكەی لە روی ژمارە ی چە ك و ژمارەی سەربا زو لۆجیستیە وە لە كەڵ هێزە كانی پێشمەرگەی ئە وكات بـەراورد نە دەكرا.بۆیە لە روبەروبونە وەی سەربازی لە گەل بەعس بە هۆی نا ها وسەنگی هێزو شەركردنی پارتیزانی لـە گـەل دە ولە تێكی میللیتاری كە ئەزمونی شەركردنی زیاتربو،ێشوتر چە ك و تە قە مە نیەكی زۆری لە قۆناغی شەری سارد كرِیبو، بریتی بو لە ما مە لەكردن بە گیانی هاولاتیانی كوردسـتان كـە بـە بەخشـینی گیـانی هـە زاران هـاولاتی كـورد كۆتایی هات.

دووەم: لە روی سیا سی یە وە: سود وەرگرتن لە خە باتی چەكدار ی و بە كاراهێنانی رێگەی توندو تیژی و را پـەرین بۆگۆرینی دە سەلات، بە كارێكی تێكدە را نە و تیرۆریستی یان توندو تیژی هـە ژمـار دە كریـت، ئـە گەرچـی لـە دژی رژێمێكی درندەی وە كو بەعس بوایە ، بە تایبەت لە هزری رای گشتی عە رە بی و ئیسلامی وە كو هە لگە را نە وەی كورد هەژماردە كرا، دژی ولاتێكی موسلمانی وە كو عێراق.(صەدام حسین)، زۆر زیرە كانـە، توانیبـوی سـەرنجی رای گشتی عە رەب بولای خۆی رابكێشێت، بە وەی خۆی بە رزگاركەری عە رە بو موسلمانان دا بنێت و كـوردیش وە كـو یاخیبو بناسینیا. ئەم هە لە تیگەیشتنە، تا وە كو ئێستا لە هزری بە شێكی زۆی هاولاتیانی ولآتانی عـەرەب هـەر مـا وەو تە نا نە ت ئە و ولاتە عە رە بیانەش كە هاولاتی كوردیان نیە.

سـێ یـەم- كـۆرەوی ملیۆنـان كەسـی دانیشـتوانی كوردسـتان،كە لـە ئـەنجامی گرتنـەوەی ناوچـەكان وشكسـتی راپەرین،خـەلكانی مـەدەنی وپیشـمەرگە كـوژران ودەسـتگیركران بێسەروشـوێنكران و ئـا وارە بـون،وە كوشـتاری بـە كۆمەل لە چەند شوێنێك ئەنجامدرا[25].زیاتر لە وەش ،رژێمی بەعس لـە كـاتی گەرانـەوەی رژێمـی بـەعس بۆشـارەكان، زیندەبەچـالكردن و كوشـتنی بـە كۆمـەل و كوشـتنی برینـدارەكان لــە نەخۆشـخانەكانی سـلێمانی وكـەركوك ئەنجامدا.بۆنمونە،لە كاتی گەرانەوەی بەعس بۆشاری هەولیر، بە فەرمانی عـەلی كیمیـایی،(١٤٧) كـەس لـە ناوبـازاری هەولیر گولله بارانكران و تەرمەكانیان شێوێنران[26].دەربارەی ژمارەی قوربانیەكانی هاولاتی وپیشمەرگە لە كاتی كۆرە وەكە،تا وە كو ئێستا ئامارێكی وردو دروست لەبەردەست دا نیە ،بەلآم ئە وەی كە تۆماركراوە تەنها چەند زانیاریەكە ،كە لە لایەن نە تە وەیەكگرتووەكانە وە بە هەزاران قوربـانی دە خـەملینریت لـە ناوچـە سـنوریەكانی نێـوان ئێـران و توركیا.هـەر لـە روداوەكـانی كـۆرەوی سـالی١٩٩١ وشكسـتی راپـەرین وداگیركردنـە وەی شـارەكانی كوردسـتان، بڵاوبونەوەی برسـیەتی و هـەژاری ونەخۆشـی و سـەرما بـو .لـەكاتی كۆرەوەكە،بـەهۆی زۆری ژمـارەی ئاوارەكانـە وە كۆنترۆلكردنی سەخت بو، هەر بە وهۆیەشەوەوهەزاران كەس لە نا وچە شاخاوی وسنوریەكان گیانیان لە دەست دا[27].

---

[24] ئەنتۆنی گیدینیز ، سەرچاوەی پێشو،ل٥٦.

[25] دەیڤد ماكداول،مێژووی هاوچەرخی كورد،وەرگێرانی،ئەبوبەكر خۆشناو،هەولێر،٢٠٠٥،ل٦١٣.

[26] ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا،سەرچاوەی پێشو،ل٣٩٨.

[27] هاورێ قادر رەسول،سەرچاوەی پێشو،ل٤٨..

باسی دووەم– بەکارهێنانی رێگا جیاوازەکانی تری خەبات بۆگورینی دەسەڵات، لەبری راپەرین

لەم جەند سالانەی دوایدا زۆکەس گەیشتونە تە ئە و بروایەی کە خە باتی جە ما وە ری و مەدەنی رێگایەکی گونجا وە بۆگۆرانکاریە سیا سی و ئا بوری و کۆمە لایەتیەکان،وە پێیانوایە رێگای نا توندوتیزی باشترین رێگایە بو گەیشتن بە ئامانجەکانیان. لەبەر ئە وەی بەکارهێنانی رێگای توندو تیزی بەرهەم دێنێتە وە چونکە لایەنی بەرامبەر چەك لە دژی نە یارانی بەکاردێنێت .ئەمە جگە لە وەی رێگای نا توندوتیژی رێگایەکی لۆژیکی و مرۆڤدۆستا نە یە و سودی بۆ هە موو لایەنەکان هەیە .ئەم بیرو رایە زیاتر لە رۆژئاوا لایەنگری زیاترە کە ئیلهامی لە دوو ئایدۆلۆجیای سەرەکی وە رگرتووە،کە بریتین لە ئاینی مە سیحیەت بە تا یبەتی لە دە قەکانی ئینجیل کە زۆر جە ختی لە رێگاکانی ئاشتی و بە یە کە وە ژیان و لێبوردەیی کردۆتە وە لە گەڵ ئایدۆلۆجیای مە هاتما غاندی ،کە داوای گۆرانی دە سە ڵاتی کردووە بە رێگای نا توتدوتیزی.

گرنگترین ئە ورێگایانەی کە لە سەردەمی ئێستا باسی لێوە دەکرێت لە خە باتی مە دەنی و نا توندوتیژی بریتین لە (کوبونە وەی جە ماوەری –بایکوتکردنی هەلبزاردن –دورکەوتنە وە لە چالاکیەکان،چالاکیەکانی سەرشەقام لە رێگای ئەنجامدانی شانۆو نوسینی هونراوەو بەرزکردنە وەی لافیتە،کە داخوازیەکانی جە ما وەری تیدا نوسرابێت[28] .
دەربارەی رەتکردنەوەی توندوتیـژی و هەولـدانی گـۆرینی دەسـەلات بەشـێوەی چـەکداری،تە نانـەت سـەرکردایەتی بەرەی کوردستانیش پەشیمان بون، یان هەولیانـدا پرۆسـەی راپـەرین رابگرن.ئـەوەش کاتێـك بـو ،کـە لـە _٢٩-٣-١٩٩١)وکاتێك(موکەرەم تالەبانی)،نوێنەری حیزبی بەعس هاتە شاری سلیمانی بـۆ دانیشـتن لـە گـەل وەفـدی بـەرەی کوردستانی،(مەسـعود بـارزانی) سـەرۆکی وە فـدی بـەرەی کوردسـتانی،دانی بـە وەدا نـابو، کـە هـەر لـە بنچـینەدا شەرکردنی بە هە لە زانیبو لە گەڵ حکومەتی عیراقی[29].سەرەرای ئە وەش،موکەرەم تـا لـەبانی،ئاماژە بـە وە دەدات، پـێش ئـە وەی وە ڵـامی بـەرەی کوردسـتانی دەربـارەی ئاشـتی بەرێتـە وە بەغـداد، بـۆلای سـەرانی بەعس،مەسـعود بارزانی،نا مە یەك بە ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزی حیزبی بەعس(غاندی محمد حسـن دزەیـی) بـۆ صـەدام حسـێن دە نێرێت بۆ مە بەستی ئاشتی[30].ئەمەش لە وانەیە بۆ ئە وەبگەرێتەوە، کە مەسعود بارزانی پەلەی بووە، کە زوو نا مەکە بگاتە صدام حسێن و زیاتر پەرۆشی ئاشتی بووە، وە قە نا عە تی وابووە،کە لـە رێگـەی ئـە وکەسـایەتیەی ئەنـدامی ئەنجومەنی تەنفیزی زوتر بگاتەدەستی صەدام.
یەکێك لە وهۆکارانەی کە دەکرا،هێزە سیاسیەکان وخەڵك پەنایان بۆبردبایە ،لە بری ئەنجامدانی راپەرینی چـەکداری، رێگـای یـاخیبون بـو، بۆبەگژداچـونەوەی سـتەم ونادادپـەروەری حکومـەتی عێـراق وحیزبـی بـەعس. لـەم ریچـگەیەدا کەمترین توندوتیزی وقوربانی لێدەکەویتەوە. لەبەرئەوەی مرۆڤی یاخی،چەندە با وەری بە ئازادی خۆیەتی،هێنـدەش بـا وەری بـەئازادی ومافـەکانی بەرامبەرەکـەی هەیـە.مرۆڤی یاخی،بـە وپـێ یـەی کـە (ئـەلبێرت کامۆ)ئامـاژەی پێـداوە،باوەری بـە توندوتیـژی نیـە .بـەمجۆرە خـاڵی بنـەرەتی لـە جیـاوازی نێـوان یـاخیبون ،لەگـەڵ شـۆرش و

Theodore Roszak,NonevoilnceInternational,at ٢/١/٢٠١٦
[28]. http://www.nonviolenceinternational.net/seasia/whatis/book.php,
[29] ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا،سەرچاوەی پێشو،ل٤٢٠-٤٢١.
[30] هەمان سەرجاوە،ل٤٢١.

ڕاپەرینەکان ،ئە وەیە کە،شۆرش و راپەرینەکان چونکە بە توندوتیزی دەست پێدەکەن ،کەواتە دواجار ئەوانیش ڕەوایەتی بەتوندوتیزی دەدەن[٣١].کە واتە یاخیبون، وەکو ڕێگە یەکی نارەزایی و بزوتنە وەیەکی کۆمەلایەتی بەکاردێت لە بارودۆخێکی نا ئاسایدا،کە وڵات تێکەوتووە،کە ئەم جۆرە خە باتەلە مانگرتن فراوانترە و لە شۆرش نزمترە[٣٢].بەڵام بە بەراورد لە زۆربەی جۆرەکانی تری خەبات کاریگەریتریانە،چونکە وە کو شۆرش و راپەرین نیە،توندوتیزی وقوربانی لێبکەویتەوە، هەروەها وەکومانگرتن نیە،کاریگەریەکە کەمە و دور مەودا نیە.

یەکێکی تر لە شێوازەکانی گۆرینی دەسەڵات،لە رێگەی دروستکردنی بزاڤی کۆمەلایەتی و جە ماوەریە.کە لەم شێوازەشدا دیاردەی توندوتیژی وبەکارهێنانی جەك پەنای بونابرێت، بەڵکولە رێگای فشاری جە ماوە رە وە، دە سەڵات ناچاردەکرێت مافەکانی گەل بناسینێت ودانیان پێدابنێت.باشترین نمونەش بۆ ئەوجۆری شیوازەی خەبات،رێچکەی(مە هاتما گاندی یە).

**دەرئەنجام**

لە کۆتایی ئەم توێژینە وەیە دەربارەی ،ئەنجامەکانی گۆرانی دەسەڵات لە رێگەی راپەرینەوەلە ساڵی ١٩٩١ ،گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-دروستبونی حیزبی تا کرەوو حیزبی نادیموکراتی وسەرکردەی توندرەو دە سەلاتێکی ستەمکارانە،کەلەسەرهەمان رێچکەی ئەوسەرکردانەن کە بە هۆی راپەرین وشۆرش یان کودەتا جڵەوی دەسڵاتیان وەرگرتووە .

٢- دروستبونی ملکەچی وکۆیلایەتی ئەندامانی حیزب، بۆ سەرکردەکانی حیزب و رابەرانی راپەرینی ١٩٩١،کە بە پیرۆزیان دەزانن وبروایان وایە لە سەروی هەر رەخنەیەکن.

٣-گۆرینی دەسەڵاتی دیکاتۆر بە شێوازی راپەرین لە سالی ١٩٩١، زیانکی زۆری مادی وگیانی بە گەلی کورد گەیاند،کە بریتی بون لە (کوشتن ومال سوتان وتالانکاری و ئا وا رەیی و....).

٤-دروستبونی رەگوریشەی توندوتیژی وبڵاوبونە وەی هزری توندرەوی لەهزری تاکەکانی کورد،کە تا وەکو ئیستاش کاریگەری یە دەرونی وکۆمەڵایەتیەکانی لەسەرخەڵك ماوە.

٥-ئەم توێژینەوە گەیشتۆتە، ئە وئەنجامەی ئەگەر میتۆدی جیاواز لە توندوتیژی و راپەرینی چەکداری بەکارهاتبا،لە ساڵلی ١٩٩١،ئەوا گۆرانی دەسەلات، بە شیوەیەکی مەدەنی بەرێوە دەچوو،کورد لە باشوری کوردستان کەمترین زیانی ماددی و گیانی بەردەکەوت.

٦-راپەرینی سالی ١٩٩١،لە باشوری کوردستان،زیاتر بە چاوێکی ستایش و پیاهەڵدان وسۆزدارانە لەسەری نوسراوە،دوای چارەگە سەدەیەك لە و رودواە،پێویستە بە چاوێکی رەخنەیی هەلسەنگاندنی بۆبکرێت.

[٣١] موحەمەد مێرگەسوری،یاخیبونی مەدەنی لە نێوان مەرجی یاسایی و سیاسیدا،چاپخانەی دلێر،هەولێر،٢٠١٠،ل٨.

[٣٢] پیتەر کالوەرت،سەرچاوەی پێشو،ل٨٩.

**لیستی سەرچاوەکان:**

ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا،راپەرینی ئاداری سالی ١٩٩١ لە باشوری کوردستان،دەزگاوچاپی پەخشی حەمدی،٢٠٠٩.

ئەنتۆنی گیدینیز،شۆرش و بزوتنە وە کۆمەلایەتیەکان،وەرگێرانی:هیوا حاجی دەلۆیی،چاپخانەی وە زارەتی پەروەردە،هەولێر،٢٠٠٢.

پیتەر کالوەرت،شۆرش ودژە شۆرش،وەرگێرانی،رەحمان ئەمیری،چاپخانەی خانی،دهۆك،٢٠١١.

رێباز،نرکەی کوردستان:بەر لەراپەرین،لەگەل راپەرین،دوای راپەرین،بیَ شوێنی چاپ،١٩٩١.

جۆناتان سی–راندل،کوردستان یان کلۆلی نەتە وەیەك،وەرگێرانی،خەسرە وشالّی،چاپخانەی بەرهەم،سلێمانی،٢٠٠٣.

شەریف وەرزێر،راپەرین وسەروەری،چاپخانەی شڤان،سلیمانی،٢٠١٠.

دەیڤد ماکداول،مێژووی هاوجەرخ،وەرگێرانی،ئەبوبەکر خۆشناو،،هەولێر،٢٠٠٥.

عبدالرەزاق مەرزنگ،راپەرین بەهاری ئازادی،چاپخانەی رەنج،سلێمانی،٢٠٠٤.

عومەر سەرگەتی،ئەریك فرۆم وکارەکتەری شۆرشگێر،گۆڤاری مەدەنیەت،ژمارە٢٩ ،سلێمانی.٢٠١٠

سەلام حەوێز ئیسماعیل،کوردستان لە شۆرشی چەکداریە وە بۆ راپەرینی سالّی ١٩٩١،چاپخانە ئازادی،هەولێر،٢٠٠١.

کەیوان ئازاد ئە نوەر،شۆرشی گەلان،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی،٢٠١١.

لیۆن ترۆتسکی،تاریخ الپورە الروسیە،ترجمە: اکرم دیری و هیپم الایوبی،ج١،الموسسە العربیە للدراسات والنشر،بیروت،١٩٧٨.

موحەمەد مێرگەسوری،یاخیبونی مەدەنی لە نێوان مەرجی یاسایی و سیاسیدا،چابخانەی دلێر،هەولێر،٢٠١٠.

هەردی حە مە سەعید،شۆرش و وەرچەرخان لە نێوان ئازادی ودیکاتۆریدا،گۆڤاری کلتور،٢٠١٤.

هاوریَ قادر رەسول،لێکۆلینەوەیەك دەربارەی راپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١،بنکەی کوردۆلۆژی،هۆلەندە،١٩٩٤.

هۆشمەند عەلی مەحمود،راپەرینی شاری هەولێر لە سالّی ١٩٩١،چاپەمەنی شەهاب،هەوایر،٢٠٠٩.

Diane,Kurt Schork, Warcrimes,éditions,Autrement,Torino١٩٩٥

Theodore Roszak,NonevoilnceInternational,at ٢/١/٢٠١٦ ,http://www.nonviolenceinternational.net/seasia/whatis/book.php .

# Abstract

This research entitled 'the negative impacts of uprising as mechanism for changing the power in the ١٩٩١ uprising in southern Kurdistan'. The study consists of introduction and divided into two main chapters.

In the chapter one, it examines the failure in uprising as a factor to change the power and violence of ١٩٩١ uprising. In the second chapter, the study deals with violence results of ١٩٩١ uprising and suggested the difference types of resistance instead of uprising to change the state.

Lastly, the researcher demonstrates the essential scientific results followed by a list of references and the summary of the research in English language.